# کاسێتی ئەنفال

سیروان کاروانی

ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو، بوومەلەرزە و بورکان و نەخۆشی تاعوون و لافاو و ئاگر نەبوو، بەڵکوو بەری سیاسەتی قڕکردنی دەیان هەزار مرۆڤی کورد بوو لەسەر خاکی خۆی  (سالار حەمەسوور باسیرە)

له کوردەواریدا، چەند وشەیەک هەبوون تا بڵێی نەویست، سەربەهەش، تاڵ و بڤە بوون. مرۆڤی کورد قێزی لێ دەکردنەوە و لێی دووردەکەوتنەوە، ئەو وشانە: حوکمەت، بەعس، ئەمن، مونەززەمە، ئەبوغرێب، جەیش، جاش، جاسووس، ئیخباری، حەرەس حدوود، هەلیکۆپتەر، و بەم ساڵانەی دووایییش موختار و شۆفەڵ.

هەر یەک لەو وشانە بۆخۆیان بەجۆرێک تاڵ و تفت بوون. ئاخر کام بەوێژدان ڕێگا بە خۆی دەدا ڕەخنە لە کورد بگرێ و بڵێ: کورد قینی لە وشەیە! کورد قینی لە وشە نییە، بەڵکوو ئەوە داگیرکەران، ملهوڕان، دیکتاتۆر و کۆنەپەرت و داخلەدڵەکانن وایان کردووە کورد لە ڕێگای ئەم وشانەوە ئەوان بناسێ. لە ڕاستیدا ئەوانە بێ واتا نین، ئەوانە هەموویان یانی: زۆردار.

خەڵک هێندە سڵیان لەو وشانە کردبۆوە و زووخاویان لەدەست کێشابوون، تەنانەت ئەگەر لە ڕستەیەکیشدا پێویستییان بە بەکارهێنانیان بووایە، ئەوا زۆر بە وریاییەوە و بە ئاسپاییەوە دەیانچرپاند، چونکە دەیانگوت: حوکمەت کەروێشک بە عەرەبانە دەگرێت، دیوار گوێی هەیە و. . . هتد.

ئێستا ساڵانێکە وشەی کیمیاباران و ئەنفال لە فەرهەنگی ڕەشی دوژمنانەوە پەیدا بووە و، برینێکی وایان خستۆتە گیانی کوردی یەکباڵ، مەگەر تەنها بە ژێرووژووربوونی ئەم کەونە نابەرانبەر و نایەکسانە لەبیر بچنەوە و ژێرچاڵ بخرێن.

بڵێ کیمیاباران و چاوت بنووقێنە، ئەگەر مرۆڤێکی کورد بیت، شارێکی خنکاو بە بارانی زەرد دەبینیت، لاشەی هەزاران پیا و ژن و منداڵ و جۆرەها پەلەوەر و گیاندارانی بێناز و باغ و باغاتی سووتاو دەبینی! بڵێ ئەنفال و چاوت بنووقێنە، ئەگەر مرۆڤێکی کورد بیت، تەرمی ١٨٠ هەزار کوردی بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵ و برژاو و دەیان هەزار لەشی بێ دەست و پێ، سەدان هەزار دەست و لاقی بێ پەنجە و سەدان هەزار پەنجەی نینۆک سووتاو دەبینی!

بەڵێ، کیمیاباران و ئەنفال دوو دەردی هێندە کوشندە و برژێنەر بوون، کە سەدان هەزار گیانیان کێشت و ئەوەندەشیان نیوەگیان کرد، دوو جەمسەری یەک مێشکی بۆگەن بوون و هەر لەو بیرەوە سەریان دەردەهێنا و هەڵیاندەکووتایە سەر جەستەی کورد.

دیارە ئەم دەردانە هەر ئەو مرۆڤانەیان بێ گیان نەکرد، بەڵکوو هەموو کوردێکیان تاساند و چێژ و خۆشی ژیانیان لای هەموو کوردێک نەهێشتووە. بێگومان هەر ئەم هەستەشە وایکردووە کاک (سالار باسیرە) بە هەوڵ و کۆششی خۆی لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەگەری بە ناوچەی گەرمیاندا، بە هاوبەش لەگەڵ لقی ژنانی گەرمیان/ کەلار و چەند دایکانێک لە پاشماوەی ژنانی ئەنفال لە ئۆردووگای سموود (ڕزگاری) ، توانیویەتی فرمێسک و برژان و گۆڕەپانی بەکۆمەڵ و دار و دەوەن سووتاو و دێهاتی وێران و ڕەماوی ئەم کوردستانی نیشتمانە بێکەسە، لە سلاید و نەخشە و

فیلمێکی دۆکومێنتاری مۆنتاژکراو و تایبەت بە ئەنفال، بخاتە بەر چاوی کوردەکانی دوورەوڵات و سەرنجی ڕێکخراوە مروڤدۆست و خێرخوازەکانی جیهانیش بۆ لای مافە ڕەواکانی گەلی کورد ڕابکێشێ.

شایانی باسە کاک سالار لە چەند گەشت و چالاکی تردا، وەکوو: (گەشتی ڕۆژنامەوانێکی کورد بە خوارووی کوردستاندا، گەشتی ڕۆژنامەوانێکی کورد بە ئامریکای لاتیندا، ژیان لە نێوان ئەورووپا و بیرەوەرییەکانی نیشتیماندا، مێژووی سیاسی و چالاکییەکانی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان) و زۆر وتار و داهێنانی تر، زۆر لە هەوڵ و ماندووبوونەکانی خۆی بە شانازییەوە پیشان دەدا و بە دڵنیاییشەوە شوێنپەنجەی کارەکانی دیارە و هاوڕێی شین و شادیی گەلەکەیەتی.

نرخی ئەم کاسێتە (کاسێتی ئەنفال) تەنها ٤ دۆلارە، کە دەکاتە ١٠ مارکی ئاڵمانی و بە ئادرێسی کاک سالار حەمەسوور خۆی، بەدەست دەکەوێت: Salar Bassireh، Tel & Fax: 0049 211 7394828

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ کاک سالار لە هەوڵی شیکردنەوە و گەشتەکانیدا/

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت